# بەنزین پێویستە بەنرخی ڕەسمی بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکرێت !

بۆ چەند ڕۆژێك دەچێت کە نرخی بەنزین بەشێوەیەك بەرزبۆتەوە، کە لەگەل خۆیدا نرخی تەکسیو پێداویستیەکانی تری ژیانی بەرزکردۆتەوە بەهۆی بەرزبونەوەی نرخی گواستنەوەوە. نرخی دەبەیەك بەنزین لەبازاری ڕەشدا گەیتشۆتە 10000دە هەزار دینار، ئەگەر وابڕوات ئەوا ڕۆژ بە ڕۆژ بەڕۆژ نرخی بەنزینو سوتەمەنیەکانی تریش بەرەو سەردەچێتو هێندەی تر باری سەرشانو گوزەرانی خەلکی کوردستان گرانترو ئاڵۆزتر دەبێت.

بەنزین یەکێکە لە پێداویستیەیە ڕۆژانییەکانی ژیانی هاوچەرخی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستان، دەسەلاتدارن ئەرکی سەرشانیانە ئەم پێداویستیەیە بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان بە نرخی گونجاو دابین بکەن، هیچ بروبیانویەك لە عێراقو کوردستاندا کە لەسەر بەحری نەوتە پاساوی نەبونی بەنزینو بەرزبونەوەی نرخەکەی نادات. ئەگەر هۆکەی ئەمنیەیە، حکومەت ئەرکی دابینکردنی ئەمنیەتی لە ئەستۆیە، ئەگەر نەبونی هۆیەکانی گواستنەوەی بەنزینە دیسان حکومەت ئەرکیەتی هۆیەکانی گواستنەوە دابین بکات، ئەگەر تورکیا ڕیگا نادات ئەوە دیسان ئەوە دەسەلاتدارانی کوردستان کە خۆیان بەشێکن لە دەسەلاتداریتی لەعێراقدا، پەیمانی بازرگانیان لەگەل مۆرکردوە، ڕۆژانە سەدان تەنکەری گەورەی نەوتو بەنزینی خاو بۆ ئەو وولاٌتە بەڕێدەکرێت....

کۆسپەکانی خەڵکی کوردستان، تا بێت بەرەو قولبونەوە دەڕوات. لەم گەرمای هاوینەدا کارەبا بەشێوەی نیوەناچڵ دەدرێتو لەولاشەوە نەوت بەم چلەی هاوینە بەرمیلی بە 45000چلو پێنج هەزار دینارە. ئاو لە زۆربەی گەرەكو شارەکان بەشێوەی هێجگار کەم دەستیان دەکەوێتو ناچارن بەتەنکەر ئاوی خواردنەوە بکرنو نرخی تەنکەری ئاوی خواردنەوەش لە بەرزبونەوەدایە. باری ڕیگاو بانو قەلەبالغی شەقامەکانو نەبونی تونێلو پردەکان ئەوەندەی تر خەڵکی شارەکانی کوردستانی هەراسان کردوە.

بەلاٌم بەنزین هەیەو دەدرێت بە هێزە چەکدارەکانو دەزگاکانی حزیان، بەنزین هەیەو نرخەکەی بەرزبۆتەوە، ئەمەش بەڵگەی ئاشکرای گەندەڵیو فەرهود کردنی پاروە نانی خەڵکە. بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لە قولبونەوەی گەندەڵی ئیداریو بازرگانیکردن بە ژیانو گوزەرانی ملیۆنەها ئینسانەوەو لەهەمانکاتدا حساب نەکردنە بەژیانی سەدەها هەزار خێزانەوە کە ژیانیان بەهۆی بونی بەنزینەوە بە نرخیکی گونجاو مەیسەر دەبێت.

شوفیرەکانی شاری عەقرە لە ڕۆژی 1ی تەموزدا، سەرەتایی مانگرتنێکی شارستانیان دەست پێکرد، لە بەرانبەر کەمیو گرانی نرخی بەنزیندا، ئەمرۆ مقۆ مقۆی مانگرتنو خۆپیشاندانی ناوچەی پیشەسازی سلێمانی هەیە سەبارەت بەکەمی ئاو کارەبا، کە بۆتە هۆی ڕاگرتنی کاروباری کاسبکارانو کرێکارانی ئەم ناوچەیە. خەڵکی کوردستان پێویستە لەبەرانبەر گرانی بەنزیندا بێدەنگ نەبن. پێویستە شەقامەکان بکەنە مەیدانی خەباتی خۆیان لە بەرانبەر دەسەلاتداراندا لەپێناو دابینکردنی بەنزین بەنرخێکی کونجاوو ڕەسمیدا. شوفیرێ خەتەکانی نێو شارو دەرەوەی شارەکان، دەتوانن لێژنەی نوێنەرایەتی خۆیان پێکبهێننو پاشان لەسەر ئاستی هەر شارو قەزایەکدا لێژنەی نوێنەرایەتی شار پێکبهێننو ڕاستەخۆ بەناوی تەواوی شۆفێری خەتەکانەوە لە هەرشاریکدا ڕوبکەنەوە دەسەلاتدارنی شارو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەردوو ئیدارەکەو لە هەمانکاتدا داوا لە جەماوەری شارەکانی کوردستان بکەن کە هاویشتیان بکەن لە خواستی دابینکردنی بەنزینو سوتەمەنی بەنرخی ڕەسمی، کە حەتمەن لە هاوپشتیو سۆزی گشت جەماوەری شارەکان بەهرەمەند دەبنو ماوەیەکی کورت دابنێن بۆ وەرگرتنەوەی وەلاٌمی داواکەیان، ئەگەر نا مانگرتنێکی گشتی لەسەر ئاستی شارەکانی کوردستاندا ڕابگەیەنن. ڕێکخراوی کوردستان، بە هەموو توای خۆیەوە لە پیناو خواستی خەڵکی کوردستاندا، خەباتی خۆی درێژە پێدەدات.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/7/6